کۆژان
1990-7-5
کەلاری کۆن

# منداڵە سواڵکەرەکانی کەلار

کاتێ دەستی
کۆرپەیەکی* ناو شارەکەم
درێژ ئەبێت بۆ گیرفانێ
زەوی دەگری
پەنجەی ڕووبار
شەپۆلێکەو ئاوازی مەرگ
لە کەناری هەڵئەسێنێ
خۆریش کچێ قژ بڕاوە
لە حەژمەتی بوونە بوکیا
بۆ زاوای زۆڵ
هەناوی خۆی ئەسوتێنێ
***
ئەی کۆرپەلەی کراس تیتۆڵ
هۆ شارەزای
شەقامی پڕ کۆڵانی چۆڵ
ئارام بگرە
ئاو لە کاسەی سەرما بخۆ
لاشم لەتکە
بەو پێنج پەنجە وردیلانە
دەستی پارە بۆ ویژدانم درێژمەکە
***

ئەی ئەزانم لە وولاٚما
بە سەرنجێ
وەک گڕی شین لە بالاٚما
لە گەلٚ ڕۆحما تێکەلٚ ئەبیت و پێم ئەلێیت
زۆر حەز ئەکەم
وەک مندالٚی باخچەی ساوا
هەموو ڕۆژێ بەر لە ئەوەی
گڕی خۆری زەوت کراوم
ئەو دەزگیرانە شووکردوەم
زامی کۆنم نوێکاتەوە
لەپی سۆزی باوکایەتی
پرچی تێکچووم دابهێنێ
بەبارینی بارانێکی خۆشەویستی
ژانی بوونم بڕەوێنێ
گۆنای هەرگیز ماچ نەکراوم
پاککاتەوە

***

هاوڕێکانم
ئەی پێپەتیەکانی شارەکەم
سوێند نیگای شەرماویتان
سوێند بە خوێنی بوو بەئاوتان
هەموو ڕۆژێ
لە هەواری نامۆیما میوانمن
خەمی ئێوە وەک مەنگەنەی سەرمایدار
شیلەی ڕۆحم دەکرۆژێت

***

ئاخر ئێوەش
وەک نەسرەوتن وەکو گریان

وەکو ڕووبار وەکو زریان

لەگەڵ یەکەم پاچ وەشانی شەڕی ژیان

تاکۆچی ڕۆژ

بەئەو پێیە بێ پێڵاوە

ئەخولێنەوە

شەقام شەقام

کۆڵان کۆڵان

***

ئیتر مەگرین

ئەوتانێ شەو لە گەڵما

سفرەی خەمم بۆ ڕائەخات

لە گەڵ یەکەم پێکی ژانما

پێک هەڵ ئەدات

وەک ووڵاخە خەماویکەی ناو جۆڕنیکا

خەم بۆ مێژووی تەمەن ئەخوات

ئەوەتانێ

بە ئەسپایی بە گوێکانما ئەچرپێنێ

ئاخر منیش وەکو ڕۆژم

وەکو ڕووبار

شەرم ئەمگرێ لە تەمەنی زۆر درێژم

* ڕەنگە کۆرپەیەک نەتوانێ سواڵ بکات بەڵام ئاخ بۆ من وا هەست ئەکەم کۆرپەیەکی باوشی دایکێکی سواڵکەر بەر لە دایکی هەست بە ڕوشانی کەرامەتی ئەکات